# گفتوگۆیەك سەبارەت بە ئینجیلی بەرنابا


نوسینی: د.فەریز ساموئیل

وەرگێڕانی: ئەندازیار سروش



بڵاوکردنەوەی: ببلیکا

کوردستان - هەولێر - بەختیاری

+٩٦٤ ٧٥٠ ٧٣٦ ٥٥٧٥

info@kitebipiroz.com

www.kitebipiroz.com

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٥٣)ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە.

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ISBN: 978-1-62337-461-7

# پێشەکی وەرگێڕ

زۆر جار گوێمان لەوە دەبێت کە ئینجیلێك هەیە بە ناوی (ئینجیلی بەرنابا). دەگوترێ کەوا لەو ئینجیلەدا خودا بەڵێنی داوە کە پێغەمبەرێك لە دوای عیسا دێت و تەواوکەری ڕێبازەکەی ئەو دەبێت. هەروەها کۆمەڵێك قسەی تێدایە کەوا پێچەوانەی بنەماکانی باوەڕ بە مەسیح.

کاتێك هەر قسەیەك لە کەسێك دەبیستین پێویستە لێکۆڵینەوە لەوە بکەین ئایا دەکرێ ئەو قسەیە ڕاست بێ یان نا؟ باشترین ڕێگا ئەوەیە کە گوێ لە لایەنی بەرامبەر بگرین، بۆ ئەوەی بابەتەکە هەڵبسەنگێنین، یان هەر هیچ نەبێ خۆمان سەرچاوەکە بخوێنینەوە و بزانین هەتا چەند قسەکە جێی باوەڕە. هەروەك ئەوەی تۆ کە ڕەخنە لە کەسێك دەگریت دەبێ بزانیت بۆچی ڕەخنەی لێدەگریت. ناکرێ هەر لە خۆمانەوە بە کەسی بەرامبەر بڵێین من ڕاستم تۆ هەڵەی، پێویستە بزانیت ڕاستی خۆت لە چیدایە و هەڵەی بەرامبەریش لە چیدایە، خۆ دەکرێ ئێمە هەڵە بین و بەرامبەرەکەمان ڕاست بێ.

خوێنەری خۆشەویست، بۆ زیاتر ئاشنابوون بە لایەنی مێژوویی و زانستی و زۆر لایەنی دیکەش سەبارەت بە ئینجیلی بەرنابا، بە باشمان زانی ئەم نامیلکەیە وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی. خۆزگە دەرفەتێك هەبووایە بۆ ئەوەی ئەو نوسراوەی کە پێی دەگوترێ (ئینجیلی بەرنابا) وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی وەك بەڵگەنامەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە هەوڵی شکستخواردووی دەستکاریکردنی ئینجیل. هەروەك لە ساڵی ١٩٠٧ز. (کانن لونسدال و لۆرا راج) بۆ خزمەتی زانست و لێکۆڵینەوە ئینجیلی بەرنابای لە ئیتاڵییەوە بۆ ئینگلیزی وەرگێڕا نەك بە هۆی ئەوەی باوەڕی پێی هەبێت، بەڵکو بۆ ئەوە بوو کە دەربکەوێت کتێبێکی ساختەیە کەوا لە سەدەی چواردە نوسراوە. دواتریش لەلایەن (خەلیل

سەعادە) وەرگێڕدرا بۆ زمانی عەرەبی، کە مەسیحییەکی لوبنانییە. نامەوێت لەو پێشەکییە کورتەدا زانیاری زۆر بخەمە ڕوو، بەڵکو هیوادارم لە خوێندنەوەی ئەم گفتوگۆیە زۆر لایەنی (ئینجیلی بەرنابا)ت بۆ ڕوون بێتەوە.

# دەستپێك

ڕۆژگار زۆر بە خێرایی تێپەڕی، ئەمەش فەرمایشتی کتێبی پیرۆزی هێناوە یادم کە دەفەرمووێت: (ساڵانی تەمەنمان وەك هەناسەیەك بەسەربرد.) زەبوورەکان ٩٠: ٩

پشووی هاوینیش لە کۆتایی بوو، ڕۆژێکیان کاتێك کە سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبی (مەزهەبە لە ڕێڕەو دەرچووەکان)ی شێخ رەئفەت زەکی بووم زەنگی تەلەفۆن لێیدا، هەموو بیرکردنەوەکانی پچراندم، گوێم لە هاوڕێیەکی کۆنم بوو چاکوچۆنی لەگەڵ کردم و خوشحاڵی خۆی دەربڕی بە گەڕانەوەم. بە بیری هێنامەوە کە دەبێت خاوەنی قسەی خۆم بم و لەگەڵ هاوڕێ گەنجەکانم قسە بکەم، منیش خۆشحاڵیم دەربڕی و یەکەم چاوپێکەوتنمان لە سەرەتای ساڵی نوێی خوێندن دیاری کرد. ئەوەبوو ڕۆژی بەجێگەیاندنی قسەکەم هاتەپێش و زۆر زوو چووم بۆ کۆبوونەوەکە، لەوێش لە پەروەردگار پاڕامەوە کاتێکی خۆش بەسەرببەین و نیعمەتێکی تایبەتیم بداتێ کە بە باشی وەڵامی هاوڕێ گەنجەکانم بدەمەوە. گەنجەکان بەرەو کۆبوونەوەکە دەهاتن. ئای چەند خۆشە ئەو گەنجانە ببینی کە پیاوانی داهاتوون، لە پیرۆزترین شوێندا کە ماڵی خودایە کاتیان بەیەکەوە بەسەر دەبەن لەجیاتی بەفیڕودانی کات لە گازینۆ و چایخانەکان. ئیتر ڕابەری کۆبوونەوەکە نوێژی کرد و چەند ستایشێکی خودای کرد کە ڕۆحمانی لە ناوەوە گەشاندەوە، پاشان منی ناساند و گوتی: خوشکانم، برایانم، ئەوەی ئەمڕۆ قسەتان بۆ دەکات کەسێکی نامۆ نییە، پێشتر لە چەند چاوپێکەوتنێکدا یەکترمان بینیوە سەبارەت بە ڕاستیی کتێبی پیرۆز، لە دواپین چاوپێکەوتنیشدا پەیمانی داینێ کە جارێکی دیکە یەکتر ببینینەوە. هەروەها هەڵبژاردنی بابەتی وتووێژیشی بۆ ئێمە جێهێشت، لە چەند دانیشتنێکی

تایبەتدا لەگەڵ هەندێکتان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە تەوەری گفتوگۆی ئەمساڵمان تایبەت بێت بە (ئینجیلی بەرنابا). ئەمڕۆش یەکەم چاوپێکەوتن نییە، بەڵکو ئاهەنگێکی تایبەتە بە بۆنەی سەرەتایساڵی نوێی خوێندنەوە. سی خولەکمان تەرخانکردووە بۆ وتووێژکردن لەسەر چۆنییەتی بەسەربردنی کاتمان لە پشووی هاویندا، بڕیارمان داوە کە لەسەر (ئینجیلی بەرنابا) گفتوگۆ بکەین. پاشان مایکەکەی بۆ من بەجێهێشت تاکو لەگەڵ گەنجەکان بدووێم.

منیش گوتم: خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ چاوم پێتان دەکەوێت. هاوڕێ، جارێکی دیکە سوپاست دەکەم کە هەلت پێ بەخشیم لەم چاوپێکەوتن و گفتوکۆیانەدا لەگەڵتان بەشداربم. هیوای ساڵێکی خوشی خوێندنتان بۆ دەخوازم کە تێیدا هەوڵ و کۆشش بکەن بۆ ئەوەی ساڵی خوێندنتان بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێبهێنن. پاشان چەند خواردنەوەیەکی سارد و گەرم و هەندێك شیرینیمان خوارد و وتووێژێکی بەپێزمان لەنێواندا دروست بوو کە بەتوانایی و کامڵبوونی بیرووبۆچوونمی دەرخست، هەروەها پێویستیی زۆری ئەو گەنجانەی بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چاوپێکەوتنەکانی دیکە دەرخست.

زۆر خۆشحاڵیش بووم کە ئەم وتووێژانە هەندێك لەو گەنجانەی هانداوە کە کتێب بخوێننەوە سەبارەت بەو بابەتانەی کە پێشتر گەنگەشەمان کردووە. یەکێك لە گەنجەکان پرسیاری دوایین گەشتی لێ کردم. منیش گوتم کە سەردانی یەکێك لە وڵاتە عەرەبییەکانم کردبوو بە مەبەستی بەشداریکردن لە چاوپێکەوتنێکی گەنجان لەو وڵاتە. ستایشی ئەو گەنجانەم کرد کە لەوێ ناسیمن سەبارەت بە خۆشەویستی و ئازایەتییان، لەوانە (باسل، سامر، عامر، شادی) و چەند گەنجێکی دیکە. بەڵام هەڵبژاردنیان بۆ بابەتی (ئینجیلی بەرنابا) چەند پرسیارێکی لە ناخمدا هەڵقوڵاند، هەر بۆیە داوام لە گەنجەکان کرد پێش

ئەوەی بڕۆن چەند ساتێکم لە کاتیان بۆ تەرخان بکەن. پرسیارم لێکردن بۆچی ئەو بابەتەتان دیاری کردووە؟

ئیسحاق لە وەڵامدا گوتی: چونکە پرسیاری زۆرمان لەسەر ئینجیلی ساختەی بەرنابا لێکراوە.

گوتم: ئێوە بیرتان چۆتەوە کە ساڵی ڕابردوو لە پێنجەم چاوپێکەوتمان باسمان لەو بابەتە کردووە؟

ئیسحاق: نەخێر بیرمان نەچۆتەوە، بەڵام ئەوەی لەو چاوپێکەوتنەدا باسمان لێوە کرد زۆر کورت بوو، ئەو پرسیارانەش وەڵام ناداتەوە کە زۆر دەکرێن و تایبەتن بە (ئینجیلی ساختەی بەرنابا).

گوتم: شتێکی دیکە هەیە. پێشتر کتێبێکم لەسەر ئەو بابەتە نوسیوە لەژێر ناونیشانی (ئینجیلی بەرنابا لەنێوان لایەنگرانی و ڕەتکەرەوانی) هیچ کەسێکتان خوێندوویەتییەوە؟

باسم: ئایا دەتوانم ڕاستگۆیانە و بەبێ شەرم پێت بڵێم؟

گوتم: فەرموو، چیت هەیە بیڵێ. ئێمە لەسەر ڕاستگۆیی و ڕێزگرتنی یەکتر ڕاهاتووین.

باسم: ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی ئەکادیمی زۆر باشە. بەڵام بۆ من قورسە و قەبارەکەشی گەورەیە. ئێمەی گەنجی ئەم سەردەمە توانای خوێندنەوەی سەرچاوەی وامان نییە، تۆش بێگومان دروشمی گەنجی ئەم سەردەمە لە هەموو شتێکدا دەزانیت، تەنانەت لە خوێندنەوەشداساندەویچێکی خێرانە...

گوتم: من لە هەندێك لە قسەکانت لەگەڵتدام. ئەمە سەرچاوەیەکی گشتگیری

ئینجیلی ساختەی بەرنابایە، بەڵام لە بابەتی ساندەویچی خێرا لایەنگیریت ناکەم. ئێمە وەك سەرکردە پێویستە زۆر بە قووڵی بخوێنینەوە و لێکۆڵینەوە بکەین، تاکو وەڵامی هەر کەسێك بدەینەوە کە پرسیاری بیروباوەڕمان لە مەسیحدا لێ دەکات. وەك ڕێزگرتنیش لە خواستی ئێوە چاوپێکەوتنەکانی ئەمساڵمان لەسەر ئینجیلی بەرنابا دەبێت. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەشدا پێم گوتن بە خواتان دەسپێرم. ئەوانیش سەرسامیان کردم کاتێك تابلۆیەکی مسیان پێشکەش کردم لەسەری نوسرابوو (ئەوەی لە پەناگای هەرەبەرز دادەنیشت، ئەوەی لە سێبەری خودای هەرە بە توانا دەمێنێتەوە.) زەبووری ٩١: ١

سوپاسم کردن و یەکترمان بەجێهێشت بە بەڵێنی ئەوەی هەفتەی داهاتوو یەکتر ببینینەوە.

# چاوپێکەوتنی یەکەم

ڕۆژی پێنجشەممە هاوڕێیەکەم پەیوەندی پێوە کردم و لە دوای ڕێز و سڵاو پێی گوتم: دەزانم زۆر سەرقاڵی، بۆیە پەیوەندیم پێوە کردی تاکو دیداری سبەینێت بەبیر بهێنمەوە. سوپاسم کرد و پێم گوت تۆ دەزانیت مرۆڤ بەوە ناونراوە چونکە شتی زوو لە بیر دەچێتەوە[a]، ئەوەشت بیر نەچێت بەساڵاچوونیش کاریگەری خۆی هەیە. بۆ ڕۆژی داهاتوو چوومە کۆبوونەوەکە و پێش دەستپێکی قسەکانمان نامیلکەیەکم پێشکەش کردن بە ناوی (کتێبێکی بێ وێنە و بەرگرییەکی شکۆدار). پێم گوتن ئەمە پوختەی گفتوگۆکانمانە لە چاوپێکەوتنەکانی پێشتر، لەگەڵ ئەوەی چەند گۆڕانکارییەکم تێدا کردووە تاکو لە شێوازی ئامۆژگاری و وتووێژەوە بۆ شێوازی نوسین لە گفتوگۆدا بیگۆڕم. ئای چەند دڵخوش بووم بە بینینی خۆشحاڵییان. ویستیشم سەرنجیان ڕابکێشم، هەر بۆیە گوتم: زۆر جار کەسانێك لە بیروباوەڕمان دەپرسن، ناشتوانین وەڵامیان بدەینەوە، ئەمەش ئەم چیرۆکەم بەبیر دەهێنێتەوە. یەکێك لە خزمەتکارەکان سەردانی خێزانێکی باوەڕدار بە مەسیحی کرد، لەوێ وتووێژێك لەسەر یەکێك لە بابەتەکانی باوەڕ بە مەسیح دروستبوو. خزمەتکارەکە لە گەنجێکی پرسی: تۆ باوەڕت بە چی هەیە؟

گەنجەکە گوتی: من باوەڕم بە هەر شتێك هەیە کە قەشەی کڵێساکەم باوەڕی پێ هەبێت.

خزمەتکارەکە گوتی: زۆر باشە، ئەی قەشەی کڵیساکەت باوەڕی بە چی هەیە؟

گەنجەکە گوتی: باوەڕی بەوە هەیە کە من باوەڕم پێی هەیە؟

---

[a] لە زمانی عەرەبی وشەی مرۆڤ (أنسان) زۆر لە وشەی (نسیان) بە واتای لەبیرکردن نزیکە، دەگوترێ سەرچاوەی وشەی مرۆڤ لە لەبیرکردنەوە هاتووە.

خزمەتکارەکە گوتی: ئەمەش زۆر باشە، ئەی تۆ و قەشەی کڵێساکەت باوەڕتان بە چی هەیە؟

گەنجەکە گوتی: ئێمە هەردووکمان باوەڕمان بە هەمان باوەڕ هەیە.

گەنجەکان پێکەنین.

منیش لەگەڵ ئەو ڕاستییە کۆکم کە وەك گەنج پێویستمان بەوە هەیە بنەمای باوەڕبوون بە مەسیح بزانین. یەکەمیان بەپێی کتێب و دووەمیان بە ئەزموونەکانمان، تاکو بتوانین وەڵامی هەر کەسێك بدەینەوە کە پرسیارمان لێ بکات. هەر یەکێك لە ئێوە دەتوانێت لەگەڵ پۆڵسی نێردراو بڵێت من دەزانم باوەڕم بە کێ هەیە و بێگومانم لەوەی کە توانای هەیە بمپارێزێ هەتا ڕۆژی خۆی. پاشان کتێبی پیرۆزم کردەوە و دەستم کرد بە خوێندنەوە، لە نوسراوەکانی ناو کرداری نێردراوان و یوسف کە لەلایەن نێردرانەوە بە بەرنابا بانگ دەکرا (ناوی بەرنابا لە زمانی کوردی واتا هاندان) کە کەسێکی بە ڕەگەز قوبرسییە و کێڵگەیەکی هەبوو فرۆشتی، پارەکەشی خستە بەرپێی نێردراوان (کرداری نێردراوان ٤: ٣٦-٣٧). داواشم لە ئەمجەد کرد نویژێکمان بۆ بکات تاکو پەروەردگار بەرەکەت بخاتە کۆبوونەوەکە و وتووێژەکانمان، پاشان پێم گوت کە گفتوگۆی ئەمڕۆمان لەسەر بە ناو (ئینجیلی بەرنابا) دەبێت. پێش کۆتاییهێنان بە قسەکانم (ئەلفرێد)م بینی دەستی بەرز دەکاتەوە، نائارامییەك بە ڕوخسارییەوە دیارە، بۆیە ویستم بزانم هۆکارەکەی چییە. پێم گوت چییە ئەلفرێد؟!

گوتی: من پێم باش نییە ئەم کتێبە نازناوی "ئینجیل"ی لێ بنێیت، چونکە "ئینجیل" سروشی خودایە، دەتوانین ناوی بنێین (کتێبی بەرنابا)، یان (درۆی بەرنابا).

<u>گوتم: ڕاست دەکەیت، بەڵام بەو ناوە ناسراوە. ئێمەش پێکەوە لێکۆڵینەوەی</u>

لەسەر دەکەین تاکو ساختە و درۆی ئەو کتێبە هەڵبەستراوە پشتڕاست بکەینەوە. بۆ بەرچاوڕوونیش ئەمڕۆ کورتەیەکتان لەسەر کتێبی بەرنابا پێشکەش دەکەم. ئێستا کتێبی بەرنابا لە تاکە دەستنوسێکی کۆنی ئیتاڵیدا هەیە لە کتێبخانەی نەتەوەیی لە نەمسا هەڵگیراوە. ئەو نوسراوەش لە سەدەی شازدەهەمدا نوسراوە.

ئیهاب: ئایا دەستنوسی کۆنتر نییە؟ چۆن زانیت کە لە سەدەی شازدەهەمدا نوسراوە؟ دەکرێت لە دەستنوسێکی کۆنترەوە وەرگیرابێت و لەبەری گیرابێتەوە؟!

گوتم: پرسیارەکانت زۆر بەجێن. دیارە ئێوەش ئامادەن بۆ گفتوگۆ، هەتا ئێستا دەستنوسێکی کۆنتر نییە، بەڵام یەکێك لە لێکۆڵەرەوەکان ڕایگەیاندووە کە ساڵی ١٧٣٤ ز. دەستنوسێکی کۆنی بە زمانی ئیسپانی بینیوە، کە لەسەر دەستنوسە ئیتاڵییەکە وەرگێڕدراوە و ئیستاش ئەم دەستنوسە کۆنە دیارنەماوە، ئەگەری ئەوە هەیە ئەم دەستنوسە کۆنە لە دەستنوسێکی کۆنترەوە وەرگیرابێت. بەڵام ئەم ئەگەرە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە. زاناکان دەڵێن ئەم دەستنوسە کۆنە ئیتاڵییە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدەهەم، ئەویش بەپێی ئەو کاغەزەی بەکارهێنراوە کە لە خوری دروستکراوە و نیشانەیەکی ئاویی لەسەرە لە شێوەی قولاپی کەشتی، کە لەو کاتەدا ئەم جۆرە کاغەزە لە ئیتاڵیا بەکاردەهێنرا. هەروەها لە نوسینەکانیشدا دوو زمان دەردەکەون (فینیسی و توسکانی) ئەمانە دوو زمانی ئیتاڵین لە سەدەی شازدەهەم لە ئیتاڵیا بڵاو بووە.

بەها بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: ئەو دەستنوسە کۆنە کەی دۆزراوەتەوە؟ کێ دۆزیویەتییەوە؟

گوتم: ئەو پرسیارانەتان نەك بۆ ساندەویچێكی خێرامان نابات، بەڵكو بۆ نان خواردنێكی چەور و چەندین پرسیاری لێكۆڵینەوەی قووڵ، ئەوەشتان لەبیر نەچێت ئێوە پرسیار لە من دەكەن، ئەمەش كۆبوونەوەكەمان درێژە پێدەدات. دەستنوسە كۆنەكەی (ئینجیلی بەرنابا) كاتێك بۆ یەكەم جار ناسرا كە (كریمر) یەكێك لە ڕاوێژكارانی پاشا بوو لە ڕوسیا، لە كتێبخانەی یەكێك لە كەسایەتییە ناسراوەكانی شاری ئەمستردام لە ساڵی ١٧٠٩ ز. لە هۆڵەندا بردی، پاشان (مستەر جۆن تولاند) بۆ ماوەیەك لێی سەند و لە دوای ساڵی ١٧٢٢ ز. دەستنوسەكە بە دیاری درا بە (میر یوجین) و لە ساڵی ١٧٣٨ ز. گەیشتە كتێبخانەی شاهانە و هەتا ئێستاش لەوێیە. بەڵام چیرۆكێكی ناڕاست لە سەرەتای دەستنوسە وەرگێڕدراوە ئیسپانییەكەدا هەیە، دەڵێت (قەشە مارینو) سەردانی كتێبخانەی یەكێك لە پاپاكانی ڕۆمای كردووە، لە كاتێدا پێكەوە بوون لە كتێبخانەكە پاپا خەوی لێ دەكەوێت و (فارماینو) تەماشای كتێبەكان دەكات، چاوی دەكەوێتە سەر كتێبی بەرنابا و لەناو جلەكانیدا دەیشارێتەوە، یاخود (دزیویەتی). پاشان كاتێك پاپا بە ئاگا دێتەوە (فارمارینو) داوا دەكات شوێنەكە بەجێبهێڵێت. ئیتر كە ئەم كتێبە دەخوێنێتەوە دەچێتە سەر ئایینی ئیسلام، پاشان كتێبەكەی بڵاوكردۆتەوە.

مەجدی: كەی ئەو كتێبە بۆ زمانی عەرەبی وەگێڕدراوە و كێ وەریگێڕا؟!

گوتم: دەستنوسە كۆنەكە بە نادیاری مایەوە هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٠٧ ز. (كانن لونسدال و لۆرا راج) دەقە ئیتاڵیەكەیان بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕا و لە بەریتانیا بڵاوكرایەوە. پاشان خەلیل سەعادە كە مەسیحییەكی لوبنانییە بۆ زمانی عەرەبی وەریگێڕا و لە لایەن شێخ محەمەد ڕەشید ڕەزاوە بڵاوكرایەوە.

نەرمین: کانن مانای چییە و بۆچی ئەو کەسە بەڕێزە کتێبەکەی بڵاوکردەوە؟

گوتم: کانن پلەیەکی قەشەییە لە کڵێسای ئەسقەفی و کتێبەکەشی بۆ خزمەتی زانست و لێکۆڵینەوە وەرگێڕا، نەك لەبەر ئەوەی کتێبێکی ڕاستودروست بێت. پێشەکییەکی دوور و درێژی بۆ نوسیوە و تێیدا ڕوونیکردۆتەوە کە کتێبێکی ساختەیە و لە سەدەی چواردە نوسراوە.

عیماد: ئایا هیچ وەرگێڕانێکی دیکە بە زمانی عەرەبی هەیە؟

گوتم: وەرگێڕانەکەی د. سەعادە تاکە وەرگێرانی عەرەبی بوو هەتا ساڵی ١٩١١ ز. کاتێك د. ئەحمەد تاهیر وەرگێڕانێکی دیکەی بۆ کرد و لە کتێبەکەیدا بە ناوی (ئینجیلەکان - لێکۆڵینەوە و بەراورد).

لێرەدا تەماشای کاتژمێرەکەم کرد، زانیم کە کاتی دیاریکراو بۆ وتووێژەکەمان کۆتایی هاتووە، بە گەنجەکانم گوت بەمەش بیرۆکەیەکمان لەسەر دەستنوسی "ئینجیل"ی بەرنابا و وەرگێڕانەکەی وەرگرت و هەفتەی داهاتووش یەکتر دەبینینەوە. پاشان هاوڕێ بەرێزەکەم سەبارەت بە قسەکانم جەختی کردەوە لەسەر گرنگی ئامادەبوون لە هەفتەی داهاتوو، بۆ ئەوەی بەردەوامی بدەین بە گفتوگۆکەمان لەسەر درۆیەکەی کتێبی بەرنابا. پاشان بە نوێژکردن کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هێنا.

# چاوپێکەوتنی دووەم

پێش وادەی کۆبوونەوەی دووەم میکرۆبێك کە بە چاو نەدەبینرا تووشی نەخۆشی کردم، دووچاری هەوکردنی گەروو و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی کردم. ماوەی پێنج ڕۆژ لە جێگەدا کەوتم، دوای ئەوەی بڕێکی زۆر دەرمانم خوارد تەندروستیم باشتر بوو. بیریشم لە داوای لێبوردن دەکردەوە، بەڵام سوپاس بۆ پەروەردگار بڕیارم دا لە کاتی خۆیدا بچم بۆ چاوپێکەوتنەکە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئینجیلی ساختەی بەرنابا، بۆ ئەوەی بە هۆی درێژی وادەی نێوان هەردوو چاوپێکەوتنەکە ساردی نەکەوێتە جۆشی هاوڕێکانم. هەروەك ڕاهاتبووین کۆبوونەوەکە بە پاڕانەوە و ستایشی خودا بە گۆرانی ڕۆحی دەستپێکرا، پاشان چەند بەشێکی کتێبی پیرۆزم خوێندەوە لە کرداری نێردراوان (٤: ٣٢ – ٣٧ ؛ ٢٢: ١١ – ٢٦ ؛ ١: ١١ - ٥٠). وتووێژەکەمان دەستپێکرد.

گوتم: لە چاوپێکەوتنی پێشوودا باسمان لە دەستنوسەکەی کتێبی بەرنابا و وەرگێڕانی کرد، هیوادارم ئەمڕۆ لەسەر دوو بابەت گفتوگۆ بکەین:

**یەکەم:** نوسەری کتێبی بەرنابا کێیە؟

**دووەم:** بۆچی کەسانێك خۆیان بە کتێبی بەرناباوە دەبەستنەوە؟

پرسیارم لە گەنجەکان کرد: پێشبینی دەکەن ئەو کەسە کێ بێت؟! ئەوەندەم زانی ئەلفرێد وەك مووشەك بە ئاسماندا چوو.

گوتی: کەسێکی درۆزنە - ساختەچییە - ویژدانی نییە.

گوتم: بۆچی ئەوها هەڵچوویت؟ خۆ من ئەو کەسە نیم. تکایە هێوربەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆکەمان بەردەوام بێت.

ئەلفرێد: ببورە، بەڵام توشی حاڵەتێك بووم قێز لەو کەسە دەکەمەوە.

گوتم: ئەو کەسانەی خۆیان بەو کتێبەوە بەستۆتەوە دەڵێن نوسەرەکەی بەرنابایە کە لە سیپارەی (کرداری نێردراوان)دا هاتووە. ئەم قسەیەش هەڵەیە، لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- ئەو بەرنابایەی کە لە کتێبی پیرۆزدا باسکراوە ناوی خۆی بەرنابا نەبووە، بەڵکو (یوسف)ـە. ئەوانەی بەو ناوە بانگیان کردووە قوتابییەکان بوون، ئەویش پاش ئەوەی مەسیح بۆ ئاسمان بەرزبۆوە، هەروەك لە کرداری نێردراوندا ڕوونکراوەتەوە (کردار ٤: ٣٢- ٣٧).

٢- نوسەری کتێبی بەرنابا لە سەرەتای کتێبەکەیدا و لە بەشی کۆتاییدا ئەو بنەمایانەی ڕەتکردۆتەوە کە پۆڵس بانگەشەی بۆ کردووە، لەوانە: (عیسا کوڕی خودایە - مردن و هەستانەوەی مەسیح - پیۆیست نەبوون بە خەتەنەکردن بۆ ڕزگاری و پاکبوونەوە... چەندین بابەتی دیکە). لە کاتێکدا بەرنابای ناوبراو لە کرداری نێردراوان گفتوگۆی لەگەڵ پۆڵس و یەکێك لە هاوڕێکانی دەکرد لە گەشتی یەکەم و پێکەوە هەمان بنەمایان بڵاوکردۆتەوە و ڕایانگەیاندووە.

٣- نوسەری کتێبی بەرنابا بیروبۆچوونی لە سەردەمی کۆن وەرگرتووە. لە وەگێڕدراوە لاتینیەکە کەوا لە سەدەی پێنجەم تەواوبووە، نابێت بەرنابا هەتا ئەو کاتە ژیابێت. هەروەها لە کۆمیدیای خودایی کە لە سەدەی سێزدە نوسراوە شتی وەرگرتووە، زۆر مەحاڵە بەرنابا کە لە سەدەی یەکەم لەدایك بووە ١٣٠٠ ساڵ ژیابێت.

سوهێر: ئەمە وەڵامێکی باوەڕپێهێنەرە، ئەی بۆچی نوسەرەکەی لکاندوویەتی بە بەرنابا و بە ناوی ئەوەوە بڵاوی کردۆتەوە؟

گوتم: هەموو کتێبە ساختەکان، لەوانەش کتێبی بەرنابا، ئەو کەسانەی نوسیویانە بە ناوی قوتابی و شوێنکەوتووانی مەسیح بڵاویان کردۆتەوە، بۆ ئەوەی لەو ناوەندەی بۆی نوسراوە ڕەواجی هەبێت و قبوڵ بکرێت. بۆ ئەوەی کەسانی ئاسایی پێی هەڵخەڵەتێن و بەرگری لێ بکەن.

نورا: نوسەری ئەم کتێبە کێیە؟

گوتم: سێ بیرورِا هەیە.

**ڕای یەکەم:** باوەڕدارێك بووە بە مەسیح و دواتر چۆتە سەر ئایینی ئیسلام، کەسانێك دەڵێن قەشەی فرنسکانی (مارینۆ)یە کە دەڵێت لە کتێبخانەکەی پاپای ڕۆما بۆی ئاشکرابووە.

**ڕای دووەم:** جولەکەیەکە ناچارکراوە بچێتە ڕیزی باوەڕداران بە مەسیح و پاشان هەڵگەڕاوەتەوە و بۆتە موسڵمان.

**ڕای سێیەم:** موسڵمانێکی (ئەندەلوس)ییە. ئەم کتێبە یەکێکە لەو کتێبە ساختانەی کە پاش ڕوخانی ئەندەلوس لە غەرناتە سەری هەڵداوە، نوسەرەکەی هەوڵی داوە هەندێك بیروباوەڕی ئیسلامی پێوە بلکێنێت بۆ ئەوەی ڕەواجی هەبێت.

یەکێك لە لێکۆڵەرەوەکان گەیشتۆتە ئەو ڕاستییەی کە نوسەری ئەم کتێبەی بەرنابا ناوی (ئیبراهیم تەبیلی)یە. نوسەرەکەی هەرکەسێك بێت کتێبەکە ساختەیە و هەردوو کەلتوری ئیسلامی و مەسیحی کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی لەلای ڕای گشتی قبوڵ بکرێت، بیروباوەڕێك بسەلمێنێت کە ئامانجەکەی پوچەڵکردنەوەی بنەماکانی باوەڕی مەسیحە.

ئێستاش با بێینە سەر بابەتی دووەم، ئەویش ئەوەیە بۆچی هەندێك كەس خۆیان بەو كتێبەوە دەبەستنەوە؟

ئەیمەن: چونكە ئەم كتێبە لاهوتی مەسیح ڕەتدەكاتەوە.

گوتم: ئەمە یەكەم و گرنگترین هۆكارە.

مەجدی: چۆن لاهوتی مەسیح ڕەتدەكاتەوە و بانگهێشتی ئەوە دەكات كە قوتابییەكی مەسیحە؟

گوتم: نوسەری كتێبی بەرنابا سوورە لەسەر ئەوە، چەند جارێك ئەوەی ڕەتكردۆتەوە. بەم شێوەیە:

١- مەسیح پەرجوەكانی (موعجیزەكانی) بە ڕێگەپێدان لەلایەن خوداوە ئەنجام دواە، نەوەك بە هێز و توانای خۆی (بەرنابا ١١ – ١٩).

٢- مەسیح توانای نییە تەنانەت مێشێكیش دروست بكات (بەرنابا ١٢٨).

٣- مەسیح ناتوانێت لە گوناە خۆشبێت (بەرنابا ٧١).

٤- ئەم بیروباوەڕە بتپەرستییە، سەربازە بتپەرستەكانی ڕۆمانی گوتویانە (بەرنابا ٤٨، ٩١).

بێگومان ئێمە لە "ئینجیل"ی ڕاستەقینەوە دەزانین كە مەسیح خودایە، ناوەكانی خودای هەیە و ئەو كارانەی كردووە كە یەزدان كردوویەتی. ئەمەش لە ڕێگای سروشی پیرۆزەوە لەلایەن خۆیەوە بۆ قوتابییەكانی و نێردراوەكانی ڕاگەیەندراوە.

ئەشرەف: بێگومان ئەو كەسە شێتە.

گوتم: هاوڕێ، دەزانیت ئەو چی دەڵێت؟ دەڵێت، ئەوەی بڵێت مەسیح خودایە، شێتە (بەرنابا ٤٧: ١٣٨) و نەفرەت لێکراوە (بەرنابا ٧٠: ١٠). ئێمەش لەم چاوپێکەوتنەدا وەڵامی ئەو بیروباوەڕ و هێرشکردنەی نادەینەوە کە دەیکاتە سەر بیروباوەڕی مەسیح، بەڵکو ڕوونی دەکەینەوە کە بۆچی کەسانێك پابەندن پێوەی. دووەم ڕەتکردنەوەی ئەوەیە مەسیح کوڕی خودا بێت و لە سەرەتای کتێبەکەی دەڵێت بانگهێشتی ئەوەی کە مەسیح کوڕی خودایە کوفرێکی گەورەیە و ئەوەی باسی لێوە بکات نەفرەت لێکراوە، ئەمە لە (بەرنابا ٥٣)دا هەیە، بەگوێرەی (بەرنابا ٥٥) مەسیح خۆی ئەوەی ڕەتکردۆتەوە کە کوڕی خودا بێت.

مۆنیکا: ئەم کتێبە ئەوە ڕادەگەیەنێت کە مەسیح تەنها پەیامبەرێکە و بۆ گەلی ئیسرائیل نێردراوە.

گوتم: ڕاستە نوسەری کتێبی بەرنابا چەند جارێك بە ئاگا بووە لەوەی جەخت بکاتە سەر ئەم بانگەشە و ڕاگەیاندنە. ئەویش لەبەر هۆیەك کە پاشان بۆمان دەردەکەوێت.

عادل: لە یەکێك لە کاسێتەکاندا بیستوومە کە ناوەڕۆکی مەسیح ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت خودا شێوەی یەهوزای بە مەسیح بەخشی. ئایا ئەوە ڕاستە؟ چۆن دەوێرێت بەڵگەکانی ناو کتێب و مێژوو و ئەقڵ ڕەتبکاتەوە کە دەیسەلمێنن مەسیح لەسەر خاچ مردووە؟

گوتم: نوسەری ئەم کتێبە ئەم بابەتەی لە بەشەکانی (١١٢، ١٣٩، ٢١٥، ٢٢١) ڕاگەیاندوە. دەنگێکی سەرسووڕمانیم لە پۆلەکەدا بەدیکرد، بە تایبەتی لە ڕیزی پێشەوە، (سامح)م بە سەرسامیەوە بینی، پێم گوت: چیتە سامح؟

گوتی: ئایا کتێبی بەرنابا ٢٢١ بەشە؟

گوتم: ڕاست دەکەیت، نزیکت کردەوە. کتێبی بەرنابا ٢٢٢ بەشە، بەشێکیان پێشەکییە، بەمەش لە "ئینجیل"ی ڕاست و دووست خۆی لادەدات. "ئینجیل"ی مەتا ٢٨ بەشە، مەرقۆس ١٦، لۆقا ٢٤ و یۆحەنا ٢١. هەمووشیان دەکاتە ٨٩ بەش کە دەکاتە نیوەی کتێبە هەڵبەستراوەکەی بەرنابا، لێرەشدا گرێی هەست بە گوناهکردن دەبینین، چونکە ئەو نەیگوتوە کە ڕاستە، تەنها لەبەر ئەوە نەبێت کە باش زانیویەتی ساختەیە، وا نییە؟ سوپاس بۆ تۆ سامح، چونکە سەرنجی منت بۆ ئەم لایەنە ڕاکێشا. ئێستاش با بگەڕێینەوە سەر بابەتە سەرەکییەکەمان. ئەویش بۆچی کەسانێك پابەندن بە کتێبی بەرناباوە؟!

ئەمیرە: لە دوای ئەوانەی باسمان کرد هۆکار هەیە؟

گوتم: بەڵێ لەوانەش ئەم کتێبە هەندێك تێگەیشتنی تایبەت بە سروش و گۆڕانکاری دووپات دەکاتەوە، چونکە ئەو ڕایدەگەیەنێت کە سروش بۆ مەسیح بە هاتنە خوارەوە بووە (بەرنابا ١٠، ١٧٩، ٢١١) هەروەها باس لە دەستکاریکردنی "ئینجیل" و تەورات دەکات (٧٢، ١٢٤، ١٥٩، ١٨٩، ٢١١، ٢٢٢). بابەتی دەستکاریکردنەکە ئەوەیە کە دەگوترێت مەسیح خودایە (بەرنابا ٩٦) ئەو دەستکاریکردن و لادانەش کاری شەیتانە (بەرنابا ٥٢).

عیماد: لە کتێبێکدا خوێندوومەتەوە کە پشتگیری لە بیروبۆچوونی کتێبی بەرنابا دەکات، ڕایدەگەیەنێت کە "پەیمان" بۆ ئیسماعیل بوو نەوەك ئیسحاق، ئایا ئەمە ڕاستە؟

گوتم: بەڵێ، ئەمەشی بە ڕوونی ڕاگەیاندووە و دووپاتی کردۆتەوە کە قوربانییەکە ئیسماعیل بووە (بەرنابا ٤٣، ٤٤)، ئیسماعیل باوکی مەسیایە، بەمەش دژی بۆچوونی جولەکە و مەسیح وەستاوەتەوە. زیاتر لەوەش دوایین هۆکاری پابەندبوون بەم کتێبە ساختەیەی بە ناوی بەرنابا ئەوەیە کە موژدەی

هاتنی محەمەد دەدات، ئەو موژدەیەش چەند جارێك دووبارە بۆتەوە. یەکەمیان کاتێك ئادەم لە بەهەشت دەرکرا لەسەر دەرگاکەی نوسرابوو (لا اله الا الله محمد رسول الله) بەرنابا (٣٩، ٤١)، هەروەها ڕایگەیاندووە کە بەڵێنی میرات ئیسماعیلە (بەرنابا ٤٤)، "مەسیا"ش لە خوێن و ڕەچەڵەکی ئیسماعیلە (بەرنابا ٩١). پاشان جارێك لەسەر زاری "مەسیح"ەوە دەڵێت کە ئەو (مەسیا) نییە (بەرنابا ٨٢، ٩٦، ١٦٢، ١٦٧، ١٩٢،... هتد) چەند جارێکیش ناوی محەمەد دووبارە دەکاتەوە، ئەمەش بێگومان لەگەڵ دەقی ئایەتی قوڕئان ڕێکدەکەوێت (سورەتی ئەعراف ١٥٦، ئەلسەف ٦) لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە ئەو کەسانە پابەندن بە کتێبەکەی بەرنابا و بەرگری لێ دەکەن. ئەگەر بە وردی بیخوێننەوە ئەوا ناوەڕۆکەکەیان بۆ دەردەکەوێت و ڕەتی دەکەنەوە، بگرە هێرشی دەکەنە سەر.

پاشان گوتم: کۆتاییمان بە کاتمان هێنا، بەڵام ئەگەر پرسیارتان لەسەر قسەکانمان هەبێت بە خۆشحاڵیەوە وەڵامی دەدەینەوە.

ئەلفرێد: ئەگەر محەمەد مەسیا بێت، ئەی عیسا کێیە؟ لە کتێبەکەی بەرنابا ڕۆڵی عیسا چییە؟ ئایا ئەمەش لەگەڵ بۆچوونی ئیسلامیدا دەگونجێت؟

گوتم: ڕۆڵی عیسا لە کتێبی بەرنابادا ڕێخۆشکەرە بۆ مەسیای چاوەڕوانکراو. سەبارەت بەم بابەتەش لەلایەن چەندین بیرمەندی موسڵمانەوە ڕەتکراوەتەوە. ئەبو ئەعلا مەودودی دەڵێت: (هاتنی ناوی مەحمود لە کتێبی بەرنابادا بۆ چەند جارێك دژی نمونەی پێغەمبەرایەتییە کە لە ڕووداوەکانی ئایندە سەرچاوەی گرتووە و ناوی (محەمەد)یش دواتر بۆی زیاد کراوە.)

دکتۆر مەحمود عەلی حیمایە دەڵێت: لە کتێبەکەی بەرنابادا لەسەر زاری عیسا هاتووە کە موژدەی هاتنی مەسیح یاخود مەسیا لە پەیمانی کۆن مەبەست

له خۆی نەبووە، بەڵکو مەبەستی لە محەمەد بووە، ئەمەش لە بیروباوەڕی موسڵماندا نییە.

هەروەها مامۆستا عەباس مەحمود ئەلعەقاد دەڵێت: (گومانمان لە نوسراوی بەرنابا هەیە بۆ ئەو جۆرە دەستەواژانە، چونکە دەگەڕێتەوە سەر ئەو زانیارییانەی کە لە سەرچاوە عەرەبییەکانەوە دزەی کردۆتە کیشوەری ئەوروپا. شتێکی ئاسان نییە کە "مەسیح" لە بەردەم هەزاران کەسدا پەیامی (محەمەد پێغەمبەری ئەڵایە)ی ڕاگەیاندبێت و ئەم ڕاگەیاندنەش لە لاپەڕەکانی "ئینجیل"دا تۆمار نەکرابێت. هەروەها لە کتێبی بەرنابادا چەند هەڵەیەك دووبارە دەبێتەوە کە جولەکەی ئاشنا بە کتێبی ئایینەکەی خۆی پێی نامۆ نییە و کەسی باوەڕدار بە "ئینجیل" نایڵێتەوە و هەروەها موسڵمانیش خۆی تێوە ناگلێنێت، کە دەزانێت چی دژیەکییەك هەیە لەنێوان دەقەکانی نوسراوی بەرنابا و قورئاندا. لەوانەشە ئەو زیادەکارییە بە پێنوسی جولەکەیەك بێت یاخود مەسیحییەك کە بووبێتە موسڵمان، ویستویەتی کتێبێك چاپ بکات کە لەگەڵ بیروباوەڕی خۆی بگونجێت.

نەجوا: لەوەی کە مامۆستا عەقاد گوتویەتی ئایا جیاوازی و لێکنەچوونێك هەیە لەنێوان قورئان و کتێبی بەرنابادا؟

گوتم: بەڵێ زۆر شت هەیە کە کتێبەکەی بەرنابا جیاوازە لەگەڵ دەقی قورئان، لەوانەش:

١- بانگەشەی ئەوەی کە مەسیا (مەسیح) محەمەد بێت، لە کاتێکدا قورئان دەڵێت (مەسیا) عیسای کوڕی مریەمە (سورەتی ئال عمران ٤٥، نساء ١٥٧، ١٧٠، ١٧١ ، مائدە ١٩، ٧٥، ٨٧ ... هتد).

٢- هەڵوەشاندنەوەی کەسایەتی یۆحەنای لەئاوهەڵکێش (یەحیای کوڕی

زەكەریا) كە لە قورئاندا هاتووە (سورەتی مەریەم ٧، ١٢، ئال عمران ٣٧ و ٣٩).

٣- ژمارەی چینەكانی (تەبەقەكانی) ئاسمان نۆیە (بەرنابا ١٥، ١٧٨)، بەڵام لە ئیسلامدا حەوتە (ئەلئیسراء ٤٤).

٤- دووپاتكردنەوەی لەسەر ئەوەی پیاو تەنها یەك ژنی هەبێت (بەرنابا ١١٥)، لە كاتێكدا ئیسلام ڕێگە بە فرەژنی دەدات.

٥- دەڵێت مەریەمی پاكیزە بەبێ ئازار عیسای بووە (بەرنابا ٣)، بە پێچەوانەی ئەوەی كە لە سورەتی مەریەم هاتووە. لەگەڵ چەندین جیاوازی دیكە.

تەماشای چواردەوری خۆمم كرد بۆ ئەوەی كاردانەوەی گەنجەكان سەبارەت بە قسەكانم ببینم. چاوم كەوتە سەر بەڕێوبەری كۆبوونەوەكە، تەماشای كاتژمێرەكەی دەكرد، ئاگاداری كردمەوە كە كاتی گفتوگۆ كۆتایی هاتووە. بۆیە كۆتاییم بە چاوپێكەوتنەكە هێنا و هیوای كاتی خۆشم بۆ گەنجەكان خواست و بەڵێنی دووبارە چاوپێكەوتنەوەم پێدان.

## چاوپێکەوتنی سێیەم

بە هۆی یەکێك لە جەژنە نەتەوەییەکانمان چاوپێکەوتنەکە دواکەوت، کە لە دەسەڵاتی من بەدەر بوو. بۆیە بڕیارمان دا ڕۆژێك لە دەرەوە لەنێو سروشتی جوان بەسەرببەین، شوێنێکی دیاریکراو هەڵبژێرین. هەندێکیان پێشنیاریان کرد سواری کەشتییەك بین بەرەو شوێنی (قەناتری خێرخوازی)، هەندێکی دیکە پێشنیاریان کرد بچینە (بێتئێل) لە قەلیوب. پاشان بڕیارەکە گۆڕا بۆ ئەوەی بچینە کەڵەکی (ئەبیس). ڕۆیشتین، لە دوای ئەوەی ئیدریس ساردەمەنی پێشکەش کردین، یەکێك لە برایان بە ستایش بۆ پەروەردگار ڕابەرایەتیمانی کرد کە گەورەیی یەزدانی لەو سروشتە جوانەدا بەرجەستە دەکرد. دەستمان کرد بە وتووێژەکەمان لەسەر درۆکەی کتێبی بەرنابا.

گوتم: گفتوگۆی ئەمڕۆمان زۆر گرنگە، ئەم ناونیشانەی بۆ پێشنیار دەکەم (بەڵگە لەسەر ئەوەی کتێبی بەرنابا لە چاخەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا نوسراوە).

لە قسەکردن بەردەوام بووم و گوتم: دەکرێت ڕاستی هەر کتێبێك لە ڕووی دوو جۆر بەڵگەوە بسەلمێنین:

**یەکەم**: بەڵگە دەرەکییەکان، سەبارەت بە کتێبەکەیە، هەروەك دەستنوسەکان، وەرگێڕانەکان و ئەو دەقانەی کە لەوەوە وەرگیراون.

**دووەم**: بەڵگە ناوخۆییەکان، دەکرێ لە ناوەڕۆکی کتێبەکەوە بزانرێت، بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە نوسەرەکەی کێیە؟ کەی نوسیویەتی؟ چەندین شتی دیکە. گفتوگۆکەشمان بە بەڵگە دەرەکییەکان دەستپێدەکەین.

فادی: بەڕێزت گوتت کە نوسراوە کۆنەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەم، لە ڕێگای جۆری ئەو کاغەزەی بەکارهێنراوە و شێوازی نوسینی کتێبەکە،

بیردۆزەکانی سەبارەت بە دەروون و هەست و بەڵگە فەلسەفییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی ناوەڕاست.

گوتم: بەڵگەی یەکەم تایبەتە بە کاتی نوسینی نوسراوە کۆنەکە، نەوەك ئەسڵەکەی. بەڵگەی دووەم لە بەڵگە ناوخۆییەکانە، ئەمەشتان بۆ ڕوون دەکەمەوە.

دەتوانین بڵێین کە بەڵگەی دەرەکی هەیە لە ڕێگای بیروبۆچوونی مەسیحی و یەکێکی دیکە لە ڕێگای بیروبۆچوونی ئیسلامەوە.

دەست بە گوتنی بەڵگەکان دەکەین لە ڕێگای بیروبۆچوونی مەسیحییەوە:

١ – نوسراوی کۆنمان هەیە دەگەڕێتەوە بۆ پێنج سەدەی یەکەم، بە هیچ شێوەیەك باسی کتێبی بەرنابا نەکراوە. وێڕای ئەوەی هەندێك لە نوسراوە کۆنەکان هەروەك (سینائی) چەند کتێبێکی نایاسایی تێدا هاتووە وەك نامەکەی بەرنابا و هەرماسی سەرپەرشتیار. ئەگەر ئینجیلی بەرنابا لەو کاتە بوونی هەبووایە ئەوا هەرچۆنێك بووایە هەندێکیان باسێکیان لێوە دەکرد.

٢– وەرگێڕانەکان: چەند وەرگێڕانێکی جیاوازمان هەیە لە سەدەکانی یەکەم نوسراون، وەك (سریانی و لاتینی و قبتی) کە لە هیچ یەکێکیاندا ئینجیلی بەرنابا بوونی نییە.

٣– لیستی ناوی کتێبەکان: لیستمان هەیە بە ناوی سیپارە پیرۆزەکان، هەروەك لیستی (مۆراتۆری و لیستی قەشە ئەسناسیوس)، لە هیچ یەکێکیاندا باسی ئینجیلی بەرنابا نەکراوە.

٤– لێوەرگرتنەکانی ڕابەرانی کڵێسا: ڕابەرانی کڵێسا زۆر جار ئایەت و دەقیان

له پەیمانی نوێ وەرگرتووە، هیچ شتێك لە ئینجیلی بەرنابا وەرنەگیراوە. بگرە یەکێك لە مامۆستایانی کڵێسا کە (ئوریجانۆشی زانستخواز)ـە، لە وەڵامەکانیدا چەند کتێبێکی ساختەی باس کردووە وەك کتێبی (تۆماس و کارەکانی پەترۆس و پۆڵس و چەندینی دیکە).

٥- بڕیارەکانی کۆمەڵگە نێشتەجێبووەکان (مەسکونییەکان):

کۆمەڵگە کۆبوونەوەیەکی سازدا بۆ بڕیاردان سەبارەت بە چەند ڕاستییەکی باوەڕ، هەروەها وەڵامدانەوەی درۆ و هەڵبەستراوەکان. چەند بڕیار و یاسایەکی دەرکرد تێیدا باس لە ناوی بەشەکانی کتێبی پیرۆز کراوە، هەروەك ئەوەی ئەمڕۆ لەبەردەستمانە و بە هیچ شێوەیەك باسی ئینجیلی بەرنابا نەکراوە.

سەمیر: مامۆستای بەڕێز، ئەم بەڵگانە هەموویان بەڵگەی مەسیحین، چونکە دەستنوسی کۆن و وەرگێڕان و لێوەرگرتنەوەکان کەسانێکی باوەڕدار بە مەسیح پێی هەستاون، بێگومان باوەڕیان بەم کتێبە نییە بۆیە باسیان نەکردووە.

گوتم: ئەمە ڕاست نییە، چونکە هەروەك چەند نوسراوێکی کۆن دەریانخستووە کتێبی نایاسایی تێدایە، هەروەها باسی چەند دەقێکی وەرگیراو کراوە کە لە چەند کتێبێکی ساختەوە هاتووە، ئەگەر کتێبی بەرنابا بوونی هەبوایە ئەوا قەشەکان وەڵامیان دەدایەوە.

ئەیمەن: گرنگە هەڵوێستی بیری ئیسلامی و ڕۆشنبیر و بیرمەندان بزانین، ئەوانەی لەسەر کتێبی بەرنابا نوسیویانە.

گوتم: گرنگە هەموو بیر و بۆچوونەکان بزانین. چونکە ئەم کتێبە هەندێك کەس بۆ مەسیحییەتی دەگەڕێننەوە، هەر بۆیە دەبێت لە ڕێی بیری مەسیحییەوە

وەڵامی بدەینەوە. هەروەها چەند نوسەرێکی موسڵمانیش پشتگیری دەکەن، دەبێت لە ڕێی بیروبۆچونی ئیسلامیشەوە وەڵامی بدەینەوە و ڕەتی بکەینەوە. مامۆستا محەمەد جبریل دەڵێت: ئەم کتێبەی بەرنابا وێڕای ئەوەی لە زۆر باردا لەگەڵ بۆچوونە ئیسلامیەکەدایە، بەڵام بۆچوونێکی ئیسلامی لە کەسێکی بەرپرسەوە نەهاتووە کە ڕاستیەکەی بسەلمێنێت و بەرگری لێ بکات (ڕۆژنامەی مەساء ١٩٧٠/١/١٩).

ئەمانەش چەند بەڵگەیەکن لە ڕێی بیری ئیسلامییەوە:

١- مێژوونوسان باسیان نەکردووە، وەك:

ا- مەسعودی کە لە سەدەی دەیەمی کۆچی ژیاوە، لە کتێبەکەی بە ناوی (مروج الذهب) دا باسی لە قوتابییەکانی مەسیح و نوسەرانی ئینجیل کردووە.

ب- یەعقوبی لە نوسینی مێژووەکەیدا باسی لە چوار کەسەکە کردووە کە ئینجیلیان نوسیوە و ناوی قوتابییەکانیشی نوسیوە.

ج- بەیرونی کە لە سەدەی دەیەم ژیاوە، لە کتێبەکەی بە ناوی (ئەو ئاسەوارانەی ماونەتەوە) باسی لە هەر چوار ئینجیلەکە کردووە.

هەروەها چەند مێژوونوسێکی دیکەی وەك مەقدەسی و مەقریزی و ئیبن ئەسیر و تەبەری. ئەگەر کتێبی بەرنابا ناسراو بووایە کاتێك ئەو مێژوونوسانە شتیان نوسیوە ئەوا بێگومان باسیان دەکرد.

٢- ڕاڤەکاران باسیان نەکردووە

ئینجیلی بەرنابا نوسیویەتی کە یەزدان شێوەی مەسیحی خستۆتە سەر

یەهوزا، کاتێك ڕاڤەکاران سورەتی نیسائیان لێکداوەتەوە ئایەتەکانی (١٥٦، ١٥٧) جیاوازی بیروڕایان هەیە سەبارەت بەو کەسەی کە شێوەی مەسیح چووەتە سەری، ئەگەر ئینجیلی بەرنابا هەبووایە ئەو کاتە ڕاڤەکارانی وەك (تەبەری و قورتبی و ڕازی و ئیبن کەسیر و... کەسانێکی دیکە) کۆدەنگ دەبوون کە ئەو کەسە یەهوزا بێت.

٣- لێکۆڵەرەوانی زانستی بەراوردی ئایینەکان باسیان نەکردووە

زۆرێك لە لێکۆڵەرەوان کە لەسەر مەسیحییەت نوسیویانە یان هێرشیان کردۆتە سەر مەسیحییەت گرنگیان داوە بە لێکۆڵینەوەی کتێبە مەسیحییەکان (کتێبی پیرۆز و چەند کتێبێکی دیکە)، بۆ ئەوەی لەو ڕێیەوە دەرفەتێك بدۆزنەوە بۆ هێرشکردنە سەر مەسیحییەت، لەوانە (ئیبن حزمی ئەندەلوسی، ئەبو عوبیدەی خەزرەجی، قرتبی، غەزالی، ئەبو بەقاء، صالح جەعفەری، ئیبن تەیمیە، ئیبن قەیمی جوزی... کەسانێکی دیکەش) باسیان لە "ئینجیل"ەکان کردووە کە چوار کەس نوسیویانەتەوە (مەتا، مەرقۆس، لۆقا، یۆحەنا) باسی هیچ نوسەرێکیان نەکردووە بە ناوی (بەرنابا)، وێڕای ئەوەی خزمەتی مەبەستەکەشیان دەکات! ئەمەش بەڵگەیە کە هەتا کۆتایی سەدەی دەیەم ئەم ئینجیلەی بەرنابا بوونی نەبووە.

سەمیر: لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت و تێدەگەین کە دانیان بە ئینجیلی بەرنابادا نەناوە؟

گوتم: من وام نەگوتووە، ئەوان خۆیان بە هیچ جۆرێك باسی ئینجیلی بەرنابایان نەکردووە، چونکە لەو سەردەمەدا نەبووە، هەر بۆیە باسیان نەکردووە و هیچیان لێ وەرنەگرتووە.

ڤیکتۆر: ئەو لێکۆڵەرەوانەی باست کردن پێش نوسراوە کۆنەکە ژیاون، ئەی هەڵوێستی نوسەرەکانی سەردەم چییە؟

گوتم: هەندێکیان بێگومان پشتگیری لێ دەکەن لەسەر ئەو بیروبۆچوونانەی تێیدایە کە لە دژی بنەماکانی باوەڕی مەسیحییەتە، هەندێکی دیکەشیان ڕەتی دەکەنەوە، یان لانی کەم گومانیان لە ڕاستییەکەی هەیە.

ڤیکتۆر: ئەگەر زەحمەت نەبێ پێمان دەڵێیت ئەوانەی ڕەتی دەکەنەوە چی دەڵێن؟

گوتم: کاتمان نزیکی کۆتاییە، بۆیە بە دوو قسە کۆتایی پێ دەهێنین:

دکتۆر عەلی عەبدولواحید دەڵێت: "هەندێك لەو نوسینانەی کە لەم کتێبەدا هاتووە گومانی ئەوەی لێ دەکرێت هەڵبەسترابێت، بە تایبەتی ئەو شتانەی بڕیاریان لێ دەدات کە گێڕانەوەیە لەلایەن چەند نوسەرێکی موسڵمانەوە باس کراوە و لێکۆڵەرەوانیان گومانیان لێی هەیە." هەروەك لە پێشەکییەکە باسی دەکات کاتێك ئادەم لە بەهەشت دەرکرا چەند دێڕێکی بینیوە لەسەر دەرگاکە، گوایە بە درەوشاوەیی نوسراوە (هیچ خودایەك نییە جگە لە ئەڵڵا محەمەد پێغەمبەری ئەڵایە "لا اله الا الله محمد رسول الله"). ئەو قسانەی دەیگەڕێنێتەوە بۆ مەسیح بریتییە لە لێکۆڵینەوەی فەقێ و مێژوونوسەکان، نەوەك فەرموودەی پێغەمبەران. هەروەك ئەو قسانەی لەسەر زاری مەسیحەوە دەکرێت سەبارەت بە قوربانی یان ئەوەی کە مەسیح بە بەڵگەوە باسی ئەوەی کردووە کە پێغەمبەر ئیبراهیم ویستوویەتی ئیسماعیل بکاتە قوربانی نەك ئیسحاق. ئیسلام پێویستی بە کتێبێکی لەو جۆرە نییە کە گومانی زۆری لێ دەکرێت بۆ ئەوەی پاڵپشتی نوسراوەکانی ناو قورئان بکات. پێویستیش ناکات کتێبێك وەرگرین کە گومان لە خاوەندارییێتی بکرێت وەك بەڵگەیەك لەسەر ئەوە، یاخود پشتی پێ

ببەستین بۆ قاییلکردنی باوەڕداران بە مەسیح بە نادروستی و ڕەتکردنەوەی ئەو ئینجیلانەی پەسەندیان کردوون (سیپارە پیرۆزەکان لە ئایینەکانی پێش ئیسلام لاپەڕە ٩٥-٩٩).

دکتۆر محمود بن شەریف دەڵێت: هیچ بەڵگەیەك نییە بیسەلمێنێت کە کتێبەکەی بەرنابا لە "ئینجیل"ی "مەسیح"ەوە بێت. دەبێت ئەم کتێبە لە لایەن بیرمەندێکی ئیتاڵییەوە نوسرابێت کە دانی بە محەمەد و پەیامەکەی و بە عیسا نابێت، هەر بۆیە ئەم ئینجیلەی بە ناوی بەرناباوە نوسیوە، بە تایبەتی کە هەندێك لە بابەتەکانی ئەم ئینجیلە لە ڕوانگەی کتێبی (ئایینەکان لە قوڕئان) ەوە گومانی تێدایە.

تەماشای کاتژمێرەکەمم کرد، بینیم کاتی دیاریکراو بۆ وتووێژەکەمان کۆتایی هاتووە. بینیم یەکێك لە گەنجەکان دەستی بەرز کردۆتەوە و دەیەوێت پرسیار بکات.

گوتم: داوای لێبوردن دەکەم. چونکە کات ڕێگەمان نادات، بە یارمەتی خۆشتان پێنج خولەکی زیاتر لە کاتتان دەگرم، بۆ ئەوەی کۆتایی بە گفتوگۆکە بهێنم.

٤- لە پێرستی کتێبە ناسراوەکاندا باس نەکراوە.

ئەو کتێبانەی نوسراون وەك (پێرست)ی ئیبن نەدیم، (ئاشکراکردنی گومانەکان لە ناوەکانی کتێب و هونەر)ی حاجی خەلیفە و چەندینی دیکەش.

٥- چەند زاراوەیەکی بەکارهێناوە کە لە پێش سەرهەڵدانی ئیسلام نەناسراون:

هەروەك هەردوو شایەتییەکە و هاتنە خوارەوەی پەیام و دەستنوێژگرتن و شتی دیکە. بە قسەکانی خەلیل سەعادەی وەرگێڕی ئەم کتێبەش کۆتایی بە قسەکانمان دەهێنین، لە کتێب و نوسینی کەسانی ناسراو و نوسەری موسڵماندا

باسی ئەم کتێبەی بەرنابا نەکراوە، نە لە سەردەمی کۆن و نە لە نوێ، یان لە نوسینەکانی ئەو کەسانەی کە تایبەت بوون بە گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی ئایینی، وێڕای ئەوەی لەو جۆرە وتووێژانە ئینجیلی بەرنابا بووەتە چەکێك بە دەستیانەوە. نەك هەر ئەمەش، بەڵکو لە پێرستی کتێبەکانی عەرەب و عەجەم و گەڕیدەکان کە پێرستیان بۆ کتێبە دەگمەنە عەرەبییە کۆن و نوێیەکان داناوە باسی ئەم کتێبە نەکراوە (پێشەکی ئینجیلی بەرنابا، لاپەڕە ١٠٩).

گوتم: زۆر سوپاس و بە خواتان دەسپێرم. برادەرەکەم هەستا و سوپاسی کردم بۆ ئەم گفتوگۆیە. داوای لە گەنجەکان کرد هەفتەی داهاتوو زوو ئامادە بن بۆ ئەوەی گفتوگۆکەمان لەسەر کتێبی بەرنابا تەواو بکەین.

## چاوپێکەوتنی چوارەم

لە دوای گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە و لە کاتی پێداچووەنەوە بە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەم، بە بیرم هاتەوە کە لە کاتی قسەکردنم لەگەڵ گەنجەکان زیاتر من قسەم کردووە. بە هۆی کەمی کاتەوە هەلی گفتوگۆ و وتووێژ نەبووە، بە هۆی زۆری ئەو زانیارییانەی دەمەویێت باسیان بکەم. بیرم کردەوە چی بکەم بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکەم. لە ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە کە داوام لێ کرا من قسە بکەم، لە دوای ئەوەی پەیامێکم ڕاگەیاند بە ناونیشانی (عیسای ڕۆڵەی مرۆڤ، پێشەوا و نموونە) کە یەکێك لە بابەتەکانی ئەوە بوو مەسیح لە منداڵیدا ئامانج و مەبەستی خۆی زانیوە. لە پەرستگا "لەناو مامۆستایان دانیشتووە، گوێیان لێ دەگرێت و پرسیاریان لێدەکات. هەموو ئەوانەی گوێیان لێی ڕاگرتبوو، لە تێگەیشتن و وەڵامەکانی سەرسام بوون." (لۆقا ٢: ٤٦ ،٤٧) هەر بۆیە بڕیارم دا ئەم وانەیە فێربم، بیرم کردەوە کە بۆچی هەل نەڕەخسێنم بۆ گەنجەکان قسە بکەن و منیش گوێگر بم، یان تەنها بەشداری بکەم لە بەڕێوەبردنی وتووێژەکە، ئەوەی تێگەیشتنی قورس بێت بۆیان ڕوون بکەمەوە و کەموکورتییەکان تەواو بکەم. پەیوەندیم کرد بە بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە و بیرۆکەکەم بۆ باس کرد. ڕێککەوتین کە لە هەفتەی داهاتوو یەکێك دیاری بکات قسە بکات و بیرۆکەکەش لەگەڵ گەنجەکان باس بکات، پاشان لە دوا هەفتەی مانگدا یەکتر ببینین. ڕۆژی چوارشەممە هاوڕێکەم پەیوەندی پێوە کردم و پێی گوتم کە گەنجەکان بیرۆکەکەیان بە دڵ نەبووە و پێیان باش بووە کە هەر خۆم ببمە بەڕێوەبەری گفتوگۆکان، بۆ ئەوەی کە بەسەر ئەو کێشەیەشدا سەرکەوین بڕیاریان داوە کاتی دیاریکراو بۆ نیو کاتژمێری دیکە درێژ بکەنەوە. هەر بۆیە هیچ دەرفەتێکم نەبوو جگە لە ڕازیبوون بە داواکەیان. لە کاتی دیاریکراودا چوومە کۆبوونەوەکە، وام زانی زوو چووم، بەڵام تەماشام کرد گەنجەکان

هەموویان لە شوێنی خۆیان دانیشتوون و وتووێژێکی گەرموگوڕ لە نێوانیان هەیە سەبارەت بەو شتانەی لە چاوپێکەوتنەکانی پێشوودا لەسەر درۆکەی ئینجیلی بەرنابا بیستوویانە. پاشان بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە بە نوێژ و چەند گۆرانییەکی ڕۆحی دەستی پێکرد، منی پێشکەش کرد بۆ ئەوەی دەست بە گفتوگۆکەمان بکەین.

گوتم: خۆشحالم کە پابەندن بە ئامادەبوون پێش کاتی خۆی، ئەمەش بووەتە شتێکی دەگمەن لە ژیانی ڕۆژانەماندا، ئەوەی نیگەرانییە لە کاتی ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی کڵێساشدا دواکەوتن ڕوودەدات. پاشان گوتم: گفتوگۆی ئەمڕۆمان پەیوەندی دەبێت بە (بەڵگە ناوخۆییەکان لەسەر ئەوەی ئینجیلی بەرنابا لە چاخی ناوەڕاست لە ئەوروپا نوسراوە).

ئەلفرێد گوتی: دەستنوسەکە بە زمانی ئیتاڵی نوسراوە. ئەو دەستنوسە کۆنەی بە زمانی ئیسپانی و هەردوو زمانی ئیتاڵی و ئیسپانی لە ئەوروپا سەریان هەڵداوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئینجیلەکەی بەرنابا لە چاخە دواییینەکاندا نوسراوە.

گوتم: زۆر باشە، درێژەم بە قسە دا و گوتم تاوانبار ناتوانێت بە تەواوی تاوانەکەی بشارێتەوە، هەردەم شتێك لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت کە دەریبخات. ئەم ساختەکارە درۆزنە هەرچەندە هەوڵ بدات فریومان بدات ئەوا هەمیشە بەڵگە هەیە کە فێڵ و درۆ و ساختەکانی دەردەخات، نوسەری ئینجیلی بەرناباش بێ ئەوەی بزانێت لە کتێبەکەیدا بەڵگەی ئەوەی بۆ بەجێهێشتووین کە لە سەردەمی ناوەڕاستدا لە ئەورپا ژیاوە، لەوانە:

١- ژمارەی نوێژەکان: نوسەری ئینجیلی بەرنابا بۆی نوسیوین کە جولەکە چوار جار لە ڕۆژێکدا نوێژیان کردووە، (نوێژی بەیانی، نیوەڕۆ، ئێوارە،

نیوەشەو). ئەمەش هەڵەیە. چونکە جولەکە تەنها سێ جار نوێژیان کردووە، نوێژی نیوەشەو نوێژێکی مەسیحیە لە ئەوروپا لە چاخی ناوەڕاست لە ناوەندەکانی ڕەهبانی کاسۆلیکدا ناسراوە.

٢- ئاهەنگی یۆبیل: نوسەری ئینجیلی بەرنابا دەڵێت هەر سەد ساڵ جارێك یادی یۆبیل دەکەنەوە (بەرنابا ٨٢، ٨٣) ئەمەشیان هەڵەیە، چونکە جولەکە پەنجا ساڵ جارێك یۆبیل دەگێڕن و نوسەر ئەمەی لە کڵێسای کاسۆلیکییەوە وەرگرتووە. لە ساڵی ١٣٠٠ ز. پاپا بونیفاسی هەشتەم بڕیاری دەرکرد کە ئاهەنگ گێڕانەکە هەر سەد ساڵ جارێك بێت.

نێرگز: ئەمە بەڵگەی ڕوونە کە دەیسەلمێنێت ئینجیلی بەرنابا لە دوای دەرچوونی ئەو بڕیارە نوسراوە.

گوتم: بێگومان، **سێیەم شتیش لێوەرگرتنە لە کۆمیدیای خودایی**. پاشان پرسیم ئایا کەستان دەزانن کۆمیدیای خودایی چییە؟

سەنا: کتێبێکە لە نوسینی (دانتێ)، شاعیرێکی ئیتاڵییە لە سەدەی چواردەیەم نوسیویەتی.

گوتم: زۆر چاکە، کۆمیدیای خودایی بریتییە لە گەشتێکی خەیاڵی بۆ جیهانی ڕۆژی دوایی (بەهەشت - جەهەنەم - پاککەرەوە). (دانتێ) لەگەڵ شاعیری ڕۆمانی (فرجیل) پێی هەستان. لەوێش چاوی بە چەند ئەدیب و فەیلەسوف و بیرمەندێك و پاپا کەوتووە و وتووێژی لەگەڵ سازداون، بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەیان و بە لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کە ئینجیلی بەرنابا و کۆمیدیای خودایی لێکچوونی زۆر هەیە لە نێوانیان.

نادر: دەبێت ئەو شتە ڕێککەوت بێت نەوەك لێوەرگرتن لە شتی دیکەوە.

گوتم: ئەمە نابێت، چونکە ڕێککەوتن لە یەك شتدا نییە، بەڵکو لە چەند شتێکەوەیە، هەروەها ئەو شتانە زانستی و لۆژیکی نین بە شێوەیەك کە هەندێك کەسی لەسەری ڕێکدەکەون بە جیاوازی ڕەگەز و ئەو سەردەمەی تیایدا دەژیێن، بەڵکو چەندین شتی خەیاڵییە کە بە مێشکی یەکێکی دیکەدا نایەت.

ئەلفرێد: وابزانم پێش قسەکردن لەسەر ئەوە دەمانویست ئەو لێوەگرتنانە بزانین.

گوتم: چەندین لێوەرگرتن هەیە. لەوانەش:

١- ژمارەی ئاسمانەکان بەگوێرەی بیری مەسیحی سێیە، بەگوێرەی ئیسلام حەوتە، کتێبی بەرناباش دەڵێت نۆیە (بەرنابا ١٠٥) کە ئەمەش لە کۆمیدیای خوداییدا هاتووە.

٢- دۆزەخ لە چەند چینێك (پلەیەك) پێکهاتووە:

دۆزەخ یەك شوێنە، بەڵام نوسەری کتێبی بەرنابا دەڵێت لە حەوت چین پێکهاتووە (بەرنابا ٩)، حەوت جۆر ئەشکەنجەی تێدایە (بەرنابا ١٣٥). بە ڕیزبەندی باسی گوناهباران دەکات (خۆبەزلزان – بەغیل – تەماعکار – هەوسباز – تەمبەڵ – تووڕە - چاوچنۆك) ئەم وەسفەش (ژمارەی پلەکانی جەهەنەم، جۆرکانی گوناهبار، جۆرەکانی سزا) ئەوەیە کە لە کۆمیدیای خوداییدا باسکراوە.

گوتم: چەند شتێکی دیکە هەیە نوسەری کتێبی بەرنابا لە کۆمیدیای خوداییەوە وەیگرتووە کە لە سەدەی چواردەهەم نوسراوە، بەمەش لەوە دڵنیا دەبینەوە

که له هەمان سەدە نوسراوە ئەویش باسکردنییّتی له سیستەمی سیاسی. دەڵێت:

١- حوکمی کۆماری (بەرنابا ٩٦) که له سەردەمی چاکسازیدا له ئەوروپا وەك سیستەمی سیاسی کاری پێکراوە. بەوەی که فەلەستین له سەردەمی مەسیحدا له ژێر داگیرکاری ڕۆمانیدا بوو، ناشکرێت نکۆڵی له کارێکی لەو جۆرە بکرێت.

٢- سیستەمی دەرەبەگایەتی (بەرنابا ١٩٤) دەڵێت لەعازەر و هەردوو خوشکەکەی خانوویەکیان هەبووە و له سەردەمی مەسیحدا له فەلەستین سیستەمی دەرەبەگایەتی نەبووە و نەناسراوە، بەڵام له چاخی ناوەڕاست له ئەوروپا بڵاوبووەوە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نوسەر لەو سەردەمەدا ژیاوە نەوەك له فەلەستین و له سەدەی یەکەمی زایینی!

پاشان تەماشای کاتژمێرەکەم کرد بۆ زانینی ئەوەی چەند کاتمان ماوە، بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە تەماشایەکی کردم و گوتی هێشتا کاتە زیادەکەت ماوە که دەکاتە نیو کاتژمێر، هەر بۆیە سوپاسم کرد و ڕووی دەمم کردە گەنجەکان و گوتم: بێ تاقەت بوون یان له وتووێژەکەمان بەردەوام بین؟

ئامادەبووان وەڵامیان دامەوە، با تەواوی بکەین.

گوتم با پێکەوە بەسەر بەڵگە ناخۆییەکاندا بچینەوە:

**یەکەم:** ژمارەی نوێژەکان

**دووەم:** ئاهەنگگێڕانی (یۆبیل)

**سێیەم:** لێوەرگرتن له کۆمیدیای خودایی

**چوارەم:** سیستەمی ڕامیاری

**پێنجەم:** سیستەمی دارایی، بەم شێوەیە:

ا- کاتێك نوسەری کتێبی بەرنابا باسی لە کفنکردنی مەسیح کردووە پێش بەخاکسپاردنی، دەڵێت کە کێشی بۆنی خۆشی بەکارهێنراو بۆ ئەم مەبەستە (١٠٠ ڕەتل) بووە (بەرنابا ٢١٧). بۆ یەکەم جار عوسمانییەکان (ڕەتل)یان وەك یەکەیەکی پێوانە بەکارهێنا لە بازرگانییان لەگەڵ ئیتاڵیا و ئیسپانیا، لە سەردەمی مەسیحدا نەناسراوە. یەکەی پێوانەی قورسایی لەو کاتەدا (شاقڵ) بووە، ئەمەش بۆمان دووپات دەکاتەوە کە کەی ئینجیلی بەرنابا نوسراوە.

ب- کاتێك باسی لە ڕێککەوتنی یەهوزا کردووە لەگەڵ کاهینەکان، یەهوزا داوای ٣٠ پارچە زێڕی کردووە، کتێبی پیرۆزیش دەڵێت ٣٠ پارچە (زیو)، ڕوون و ئاشکرایە لە کات و سەردەمی مەسیحدا دراوی زێڕ نەبووە.

**شەشەم:** شێوازە فەلسەفییەکەی:

شێواز و دەستەواژەکانی ئینجیلی بەرنابا و باسکردنی یەزدان و دەروون بە شێوازێکی فەلسەفی هاتووە کە لە سەردەمەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا بڵاوبووە. وەرگێڕی کتێبی بەرنابا گوتوویەتی: ئەم کتێبە وەك کۆپیەکی "ئینجیل"ە ڕاستەکە وایە لە هەندێك شێوازدا، چونکە زۆر جار دەچێتە نێو بابەتی فەلسەفی و لێکۆڵینەوەی زانستی کە سەبارەت بە مەسیح دەدوێت، کەوا فێرکردن و گفتوگۆ ئایینیەکانی زۆر ئاسان بووە بۆ ئەوەی جوتیار و خاوەن پیشە و گەورەپیاو و خزمەتکار و پیر و گەنج بە ئاسانی لێی تێبگەن. فەلسەفەش لەناو ئەم کتێبەی بەرنابادا جۆرێکە لە فەلسەفەی ئەرستۆ کە لە

چاخی ناوەڕاستدا باوبووە. فەلسەفەی ئەرستۆش تەنها لە عەرەبەوە گەیشتۆتە ڕۆژئاواییەکان، بە تایبەتی عەرەبەکانی ئەندەلوس کە چوونەتە ئیسپانیا و ئەوروپاییەکانیان لێ ئاگادار کردۆتەوە.

ئەلفرێد: فێرکردنەکانی مەسیح و نمونەکانی هەڵقوڵاوی ژینگەیەگی فەلەستینییە، هەروەك لە "ئینجیل"ی مەتا بەشی ١٣ هاتووە.

گوتم: کاتێك بەراورد دەکەین لە نێوان ئینجیلی ڕاستەقینە کە وشەی خودایە لەگەڵ ئینجیلی ساختەی بەرنابا درۆکانی ئەم ئینجیلە ساختەیە بە ئاشکرا دەردەکەوێت.

پێش کۆتاییهێنان بە وتووێژەکەمان یەك شتی دیکە باس دەکەم و کۆتایی پێ دەهێنم، ئەویش ئەمەیە:

لە (بەرنابا ١٥٢) دەڵێ شەراب لە قەڕابە[a] هەڵگیراوە. کەچی لە سەردەمی مەسیح شەراب لە مەشکە هەڵگیراوە، بەڵام هەڵگرتنی لە قەڕابە لە سەردەمی ناوەڕاستدا لە ئەوروپا ناسراوە.

نادر: چەند شتێکی دیکەم خوێندۆتەوە، هەروەك باسکردنی سزای لە سێدارەدان و بەردبارانکردن و پاراستنی پاکیزەیی.

گوتم: بەڵێ، ئەو کەسەی دەیەوێت وردەکاری بزانێت پێویستە بگەڕێتەوە بۆ کتێبی (ئینجیلی بەرنابا لە نێوان لایەنگر و ڕەتکەرەوانی).

پاشان سوپاسی گەنجەکانم کرد بۆ باش گوێگرتنیان. لە پەروەردگار پاڕامەوە پیرۆزیان بکات و نیعمەتێکی تایبەتیان بداتێ کە ئامادە بن وەڵامی هەر

---

[a] بەرمیلی لە دار دروستکراو.

کەسیك بدەنەوە کە سەبارەت بە باوەڕەکەیان بە مەسیح پرسیاریان لێ بکات، بە نیازی دیداری داهاتوو ماڵئاواییم لێ کردن.

# چاوپێکەوتنی پێنجەم

بە بۆنەی نزیکبوونەوەی ئەزموونەکانی نیوەی ساڵ بڕیارماندا چاوپێکەوتنەکە دوابخەین بۆ دوای ئەزموونەکان، لە دوای ئاهەنگەکانی سەری ساڵی نوێ لە هەفتەی سێیەمدا وادەی چاوپێکەوتنمان بوو. هەروەك هەموو جارێك چاوپێکەوتنەکەمان بە نوێژکردن و ستایشی ڕۆحی دەستپێکرد. زۆر بە پەلە دەستمان بە وتووێژ کرد، لە چاوی زۆرێکیان پەرۆشییەکم بەدی دەکرد بۆ تەواوکردنی گفتوگۆکان، بە تایبەتی لە دوای کاتێکی زۆر لە دابڕان.

پێم گوتن: هەموو ساڵێکتان بە خۆشی. هیوای سەرکەوتنم بۆ خواستن. ئەوەشم لەبیر نەچوو کە ئاگاداریان بکەمەوە هەفتەی داهاتوو (پێشانگای نێودەوڵەتی قاهیرە بۆ کتێب) دەستپێدەکات و هانم دان بچن بۆ ئەوەی ئەو کتێبانە بکڕن کە یارمەتیدەریان بێت لە باوەڕی مەسیح، هەروەها زانیاری زیاتر لە بوارە زانستییەکانی دیکە وەربگرن.

هەورەها گوتم: یەك بابەتی دیکەمان دەبێت، ئەویش هەڵەکانی ئینجیلی ساختەی بەرنابایە، هەوڵ دەدەم ئەمە دوایین چاوپێکەوتنمان بێت. بۆ ئەوەی بابەتەکانمان لێ ئاڵوز نەبێت، گوتم: لە ئینجیلی ساختەی بەرنابادا:

١- هەڵەی مێژوویی

٢- هەڵەی جوگرافی

٣- هەڵەی تایبەت بە کەسایەتییەکانی کتێبی پیرۆز

٤- هەڵەی زانستی

٥- چەندین زیادەڕۆیی دیکەش هەیە.

## یەکەم: هەڵە مێژووییەکان:

نوسەری ئینجیلی بەرنابا دەڵێت کە ئەو یەکێکە لە قوتابییەکانی مەسیح، بەمەش دەبێت کەسێکی جولەکە بێت و لە سەدەی یەکەمی زایینی لە فەلەستین ژیابێت، هەر بۆیە پێویستی دەکرد نەکەوێتە هەڵەیەکی مێژوویی وەهاوە کە تایبەتە بە مێژووی وڵاتەکەی.

مۆنیکا: ئەم کتێبە ئەگەر "ئینجیل" بووایە ڕۆحی پیرۆز دەیپاراست.

گوتم: ئەمە ڕاستە، با باسی چەند هەڵەیەکی مێژوویی بکەین:

بەرنابا دەڵێ کە لە سەردەمی لەدایکبوونی مەسیح پیلاتۆس فەرمانڕەوای فەلەستین بووە و حەنان و قەیافاش سەرۆك کاهین بوونە (بەرنابا ٣). ئەمەش هەڵەیە، چونکە پیلاتۆس لە ساڵی ٢٦- ٣٦ ز. دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەمەش ئەوە دەگەنێت کە هاوسەردەمی لەخاچدانی مەسیح بووە، حەنانیش لە ساڵی شەشی زایینی بووە بە سەرۆك کاهین، قەیافاش لە کاتی لەخاچدانی مەسیح سەرۆك کاهین بوو، بەڵکو هەر ئەو بوو کە ئاماژەی بە لەخاچدانی مەسیح کردووە. نوسەری ئینجیلی لۆقای هاوسەردەمی مەسیح بۆ ئەم ڕووداوانە لە (لۆقا ٢،٣) بۆمانی ڕوونکردۆتەوە.

٢- کتێبەکەی بەرنابا دەڵێ گوایا لە سەردەمی ئیلیا دوازدە کێو هەبووە کە حەڤدە هەزار فەریسی لێی ژیاوە، لە سەردەمی مەسیح ژمارەی فەریسییەکان زیاتر بووە لە سەد هەزار کەس (بەرنابا ١٤٥). ئەمەش هەڵەیە، چونکە لە سەردەمی ئیلیا فەریسییەکان هەر بوونیان نەبووە. لەنێوان هەردوو پەیمانی کۆن و نوێ لە سەردەمی مەکابینییەکان فەریسییەکان دەرکەوتن، لە سەردەمی مەسیح ژمارەیان هەروەك

مێژوونوسی جولەکە (یوسیفوس) باسی کردووە لە شەش هەزار کەس تێپەڕی نەکردووە. پاشان ماوەیەك بێدەنگ بووم بۆ ئەوەی کاردانەوەی هاوڕێکانم ببینم.

دینا: هەڵەی دیکەی مێژوویی هەیە؟

گوتم: بەڵێ هەیە، بەڵام ئەمە بەسە بۆ ئەوەی بتوانین گفتوگۆکەمان تەواو بکەین.

## دووەم: هەڵەی جوگرافی:

١- نوسەری کتێبی بەرنابا ڕایگەیاندووە کە (ناسیرە) بەندەرە لەسەر دەریای جەلیل (بەرنابا ٣٠) ئەمەش هەڵەیە، چونکە چواردە میل دوورە لە خۆرئاوای دەیاری جەلیلەوە.

٢- دەڵێت مەسیح لەگەڵ قوتابییەکانی چووەتە دیمەشق (بەرنابا ١٤٣)، ئەمەش ڕووی نەداوە.

٣- دەڵێت پێغەمبەر یونس (یۆنان) هەڵهاتووە و چووەتە تەرسوس، ماسیەك هەڵیداوەتە نزیك نەینەوا[a] (بەرنابا ٦٣). ئەمەش هەڵەیە، چونکە پێغەمبەر یونس هەڵاتووە و چووەتە تەرشیش، هەروەها نەینەواش بەندەرێك نییە لەسەر کەناری دەریاری ناوەڕاست، بەڵکو دەکەوێتە ئێراق، هەر بۆیە نازانین چۆن ئەو ماسییە هەڵیداوەتە نزیك ئەو شوێنە.

٤- دەڵێت مەسیح چووەتە کێوی سینا، لەوێش ماوەی ٤٠ ڕۆژ لەگەڵ قوتابییەکانی بە ڕۆژوو بووە کە ئەمەش هەڵەیە. چونکە مەسیح نەچووەتە

---

[a] موسڵ.

کێوی سینا و بە ڕۆژووبوونی چل ڕۆژەکەش لەنێو شوێنکەوتووانی مەسیح لە سەدەی سێیەمی زایینی دەستپێکردووە.

ئیمان: خوێندومەتەوە کە کەوتووەتە هەڵەی دیکەی جوگرافییەوە سەبارەت بە کێوی شکۆمەندی و ئەو شوێنەی مەسیحی تێدا لەخاچدرا و شوێنی پەرجووەکەی تێرکردنی پێنج هەزار کەسەکە، هەروەها شوێنی شاری تێرو.

گوتم: ئیمان، دیارە بە باشی خۆت ئامادە کردووە. بەڵام هەروەك لە سەرەتا گوتم دوایین چاوپێکەوتنمانە، هەربۆیە هەوڵ دەدەم ئەو نموونانەی کە سەبارەت بە هەڵەکان دەیهێنمەوە کورتیان بکەمەوە.

پاشان پرسیم: کامتان جۆری سێیەمی هەڵەکانی لە بیرە؟

مۆنیکا: **ئەو هەڵانەی پەیوەندییان بە کەسایەتییەکانی کتێبی پیرۆزەوە هەیە.** من کە لاپەڕەکانی ئینجیلەکەی بەرنابام هەڵداوەتەوە بۆم دەرکەوتووە کاتێك لەسەر ڕێڕەوی ئینجیلی ڕاست ڕۆیشتووە هەڵەی نەکردووە و کاتێکیش دوورکەوتۆتەوە و زیادەڕۆیی کردووە لەلایەن خۆیەوە هەڵە دەکات و تێدەکەوێت.

گوتم: تێبینییەکی گرنگ، لەو هەڵانەشی کە تێیکەوتووە:

١- باسنەکردنی ناوی یەحیای[a] لەئاوهەڵکێش، وێڕای ئەوەی کەسێکی ناسراوە لەسەر ئاستی مەسیحی (یەحیای لەئاوهەڵکێش) و لەسەر ئاستی ئیسلامی (یەحیای کوڕی زەکەریا). ئایا دەزانن بۆچی وای کردووە؟

---

[a] لە کتێبی پیرۆز بە عیبری و یۆنانی هەروەها لەنێو جولەکە و باوەڕدارانی مەسیح ناوی (یۆحەنا) یە، بەڵام بەهۆی ئاشنایەتی کەلتوری کوردی بە ناوی (یەحیا) ئێمە ئەو ناوەمان بەکارهێناوە. هەروەها لە وەرگێڕانی کتێبی پیرۆزیش بۆ زمانی کوردی هەر بە (یەحیا) وەرگێڕدراوە.

سامح: ڕۆڵی یەحیای لەئاوهەڵکێش ڕێگە خۆشکەر بووە لەبەردەم مەسیح، بەپێی ئەوەش مەسیا لە کتێبی بەرنابادا (محەمەد)ە و عیسا ڕیگەی بۆ خۆش دەکات، هەر لەبەر ئەوە یەحیای لەئاوهەڵکێش لێرەدا هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە، نوسەری ئینجیلەکەی بەرناباش لایبردووە، ئەو شتانەی پەیوەندییان بە یەحیاوە هەبێت خستویەتییە سەر مەسیح.

گوتم: سامح، زۆر باشە. ئەمە هۆکارەکەیەتی و هەڵەی دووەمیش باسنەکردنی (تۆماس و شیمۆنی دڵگەرم)ـە لە لیستی ناوی قوتابییەکان (بەرنابا ١٤)، گۆڕانکاری لە ناوی قوتابییەکان کردووە هەروەك هاتووە لە (مەتا ١٠، مەرقۆس ٣، لۆقا ٦، کرداری نێردراوان ١) و ناوی خۆی زیادکردووە و ناوکانی ( تۆماس و شیمۆن)ی لابردووە، کەسایەتی یەهوازی کردووەتە دوو کەس.

مونا: ئەمە مەتەڵە. ئەم هەمووەی بۆ چییە؟

گوتم: ئەمە لەلایەن نوسەری ئینجیلی ساختەی بەرناباوە ئەنجام دراوە. بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە سەرنجی ڕاکێشام بۆ ئەوەی کاتی وتووێژ لە کۆتایی نزیك بۆتەوە.

گوتم: هاوڕێکانم با ئێستا باسی **هەڵە زانستییەکان** بکەین:

١- دەرکەوتنی سێوە ئادەمە.

٢- دەرکەوتنی ناوکی ئادەم.

٣- ماسییە سەرسووڕهێنەرەکەی سلێمان.

٤- میسرییەکان گۆڕان و بوون بە ئاژەڵی ترسناك.

٥- وەستانی زەوی لەسەر ئاو.

گوێم لە دەنگی ناڕەزایی هەندێك لە گەنجەکان بوو، تەماشام کردن و گوتم چییە؟

گوتیان: دەمانەوێت ئەمانەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە کە باست کردن.

گوتم: خۆم بۆتانم ڕوون دەکردەوە، بەڵام بە هۆی کەمی کاتەوە بە کورتی باسی دەکەین.

١- **دەرکەوتنی سێوە ئادەمە:** کاتێك حەوا سێوەکەی خوارد دایە مێردەکەشی، هاوکات قسەی خودای بەبیرهاتەوە، ویستی خواردنەکە ڕابگرێت و دەستی خستە بینی خۆی، لەمەشەوە (سێوە ئادەمە) دروست بوو (بەرنابا ٤٠). بێگومان ئەمە هەڵەیە، چونکە سێوە ئادەمە دەرپەڕینێکی کڕکڕاگەییە (بەشێکە لە قوڕگ) کە پەتە ژێیەکانی دەنگی تێدایە و هیچ پەیوەندی بە تێپەڕبوونی خواردنەوە نییە، ئەمەش ڕووداوێکە چۆن دەبێتە میراتی بۆ هەموو مرۆڤێك.

٢- **دەرکەوتنی ناوکی ئادەم:** کاتێك خودا ویستی مرۆڤ دروستبکات تۆپەڵێك خۆڵی هێنا و ماوەیەکی زۆر داینا، پاشان داوای لە فریشتەکان کرد کڕنوشی بۆ ببەن. چونکە ئادەم لەو خۆڵە دروست دەبێت، شەیتان ئەوەی ڕەتکردەوە و تفی لێکرد، لە بەرامبەردا جبرائیل تفەکەی لەگەڵ کەمێك لە خۆڵەکە بەرز کردەوە. بەم شێوەیە مرۆڤ ناوکی لە ناو سکیدا بۆ دروست بوو (بەرنابا ٣٥).

هاوڕێکانم دەستیان کرد بە قاقای پێکەنین. ماوەیەك وەستام، پاشان گوتم: بێگومان ئەمە تەنها هەڵەیەکی زانستی نییە، بەڵکو وڕێنەیە. چونکە ناوك پاشماوەی ئەو پەتکەیە کە کۆرپەلە بە ڕەحمی دایك دەبەستێتەوە و لە دوای

لەدایکبوونی کۆرپەلەکە دەبڕدرێت و ئاسەوارێك بە جێ دەهێڵێت، پێی دەگوترێت ناوك. ئادەم لەدایك نەبووە، هەربۆیە ناوکی نەبووە.

٣- **ماسییە سەرسووڕهێنەرەکەی سلێمان:** نوسەری ئینجیلی بەرنابا دەڵێت سلێمان بیری لەوە کردەوە خوانێك سازبکات و هەموو دروستکراوەکانی خودا بانگهێشت بکات. لەلایەن ماسییەکەوە هەڵەکەی سلێمان ڕاستکرایەوە کاتێك هەموو ئەو شتانەی خوارد کە ئامادەی کردبوو (بەرنابا ٧٤). نازانم ئەم ماسییە لە کوێوە هاتووە! چۆن ئەو هەموو خواردنەی خوارد کە سلێمان بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندەکانی ئامادەکردبوو؟

٤- **میسرییەکان گۆڕان و بوون بە ئاژەڵی ترسناك:** نوسەری ئینجیلی بەرنابا دەڵێت خودا ژمارەیەکی زۆر خەڵکی میسری کرد بە ئاژەڵی ترسناك، ئەوەش لە سەردەمی (موسا). لە ڕووی زانستییەوە ئەمە شتێکی قبوڵنەکراوە و نابێت.

٥- **جێگیربوونی زەوی لەسەر ئاو:** نوسەری ئەم ئینجیلە ساختەیە لەسەر زاری مەسیحەوە دەڵێت "پێم بڵێن بۆچی بەرد لەسەر ئاو ناوەستێت لە کاتێکدا هەموو زەوی لەسەر ئاو وەستاوە" (بەرنابا ١٦٧) ئەمەش هەڵەیە، زەوی هەسارەیەکە لە هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر و لە بۆشاییدا بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە.

ئێستاش دێینە سەر **زیادەڕۆییەکانی ژمارەیی لە ئینجیلی بەرنابا**

ئەمجەد: هەست دەکەم بە خێرایی ١٠٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا دەڕۆیت، دەتوانێت بە هێواشی قسەمان بۆ بکەیت بۆ ئەوەی لێت تێبگەین؟

گوتم: داوای لێبوردن دەکەم، وا بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە ئاماژە بە کاتژمێرەکە

دەکات و کاتەکەمان کۆتایی هاتووە. بە خێرایی باسی ئەم زیادەڕۆییانە دەکەم:

١- ژمارەی پێغەمبەرەکان ١٤٤ هەزار پێغەمبەرە (بەرنابا ١٧).

٢- ژمارەی ئەو فریشتانەی پاسەوانی جلوبەرگەکانی مەسیحیان کردووە یەك ملیۆن فریشتە بوون (بەرنابا٢٣).

٣- ژمارەی ئەو ڕۆحە پیسانەی کە دەرچوون و چوونە ناو بەرازەکانەوە ٦٦٦٦ ڕۆحی پیس بوون (بەرنابا ٢١).

٤- کاتێك خودا مروڤی دروستکرد تۆپەڵێك خۆڵی هەڵگرت و ٢٥ هەزار ساڵ داینا (بەرنابا ٣٠).

٥- ژمارەی کوژراوەکانی گەلی ئیسرائیل بە هۆی پەرستنی گوێرەکە زێڕینەکەوە ١٢٠ هەزار کەس بووە.

٦- لە دوای دەرکردنی ئادەم و حەوا لە بەهەشت ماوەی ١٠٠ ساڵ بێ ڕاوەستان گریان.

٧- ڕۆحی محەمەد بە ٦٠ هەزار ساڵ بەر لە دروستکردنی بوونەوەران دروستکراوە (بەرنابا ٣٥).

٨- ژمارەی خوداوەندەکانی ڕۆمانی ٢٨ هەزار خوداوەند بوونە (بەرنابا ١٥٢).

٩- ژمارەی ئەو کەسانەی لە گەلی ئیسرائیل بە هۆی پێوەدانی مار کوژران ٧٠ هەزار کەسە.

١٠- مەسیح لە باخچەکەدا دەست لە ئەژنۆ دانەوییەوە و ١٠٠ جار خۆڵی بە ڕوخساری خۆیدا کرد (بەرنابا ٢١٤).

هاوڕێکانم، سەبارەت بەم شتانە ڕاتان چییە؟

گوتم: بەمەش بیرۆکەیەکی ڕوونمان لەسەر ئینجیلی بەرنابا وەرگرت، ئامۆژگاریشتان دەکەم کە ئەم ئینجیلە ساختەیە بخوێننەوە، ئەو کتێبانەش بخوێننەوە کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەرچوونە.

نادر: دەکرێت ئەم چاوپێکەوتنانە لە نامیلکەیەکدا بنوسرێتەوە، هەروەك لە ساڵی ڕابردوو کردمان؟

گوتم: بەڵێنتان پێ دەدەم کە بەم نزیکانە لەبەردەستتان بێت بە ناوی (درۆی ئینجیلی بەرنابا)[a].

سوپاسم کردن بۆ گوێکرتنیان لە من و کاردانەوە و پانەندبوونیان بە ئامادەبوون لە کاتی دیاریکراو، پێکەوە لە خودا پاڕاینەوە. لەسەر بەڵێنی چاوپێکەوتن و وتووێژێکی دیکە سەبارەت بە بابەتێکی دیکەی باوەڕی مەسیحیمان بەجێمهێشتن، بۆ ئەوەی ئامادە بن بە ڕاستگۆیی و خۆشویستنەوە وەڵامی هەرکەسێك بدەنەوە پرسیاریان لێ بکات.

---

[a] ئەمە وەرگێڕانی ناوی نامیلکەکەیە بە زمانی عەرەبی. بەڵام ئێمە لە وەرگێڕانی کوردی لەدوای ڕەزامەندی نوسەر کردمان بە (گفتوگۆیەك سەبارەت بە ئینجیلی بەرنابا).